The women organization of
Komala party – Iranian Kurdistan

کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
ڕێکخراوی ژنانی کۆمەڵە

# پەیامی ڕێکخراوی ژنانی کۆمەڵە، بە بۆنەی ڕۆژی کۆمەڵەوە

ئەگەر لە دایک بوونی کۆمەڵە لاپەڕەیەکی نوێی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورددا کردۆتەوە و ئاسۆیەکی ڕوونتر و هیوایەکی بەرزتری بۆ ئەو گەلە دەست نیشان کردوە، ئەگەر چینی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان ووشیارتر بۆنەتەوە و کۆمەڵە بە پشتیوانی خۆیان دەزانن و عەداڵەتخوازی و مرۆڤدۆستی لە کۆمەڵەدا دەبیننەوە، ئەگەر کۆمەڵە و ڕێبازی کۆمەڵە وەک ڕەوتی پێشکەوتنخواز و نوێ و وەک نمونەی جەسارەت و بوێری ناسراوە، بۆ ژنانی کوردستان، ئەم حیزبە و ئەم ڕەوتە مژدەدەری ڕزگاری و سەربەستی و هاندەری ڕاپەڕین و مافخوازیە.

هەر لە ساڵەکانی پێش ڕوخانی ڕێژیمی شاوە لە کۆڕ و کۆمەڵی نهێنی ڕێکخراوی کۆمەڵەدا ژنانی چالاک و تێکۆشەر دەور و نەقشیان نواند. بە دوای ڕوخانی ڕێژیمی پاشایەتی و دەستپێکردنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورددا، بە یارمەتی کۆمەڵە و چالاکانی ژنی ناو ڕیزەکانی کۆمەڵە، چەندین ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان وەک کۆڕی ئافرەتان و یەکیەتی ژنان لە شارەکانی کوردستان پێک هات. ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ژنانێکی زۆرتر لە بواری جوراوجۆری خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی هاتنە مەیدانی تێکۆشانەوە. سیمای شار و لادێکانی کوردستان کە لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا نەبون، گۆرانێکی زۆری پێوە دیار بو، لە لایەکەوە لە خاهەر زەینەب و مەقنەعە و ڕوپۆشی زۆرەملی خەبەرێک نەبو، لە لایەکی دیکەوە بەشداری ژنان لە بواری جۆراوجۆری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیدا ڕواڵەتێکی نوێی بە کۆمەڵگای کوردستان بەخشیبو.

هەر لە سەرەتاکانی هێرشی هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ داگیرکردنی کوردستان، ژنان لە زۆرێک لە بوارەکانی خەبات و بەربەرەکانی لە دژی ئەم هێرشە چالاکانە بەشداریان کرد. کۆمەڵێکی زۆر لە ژنانی خوێندکار و ڕووناکبیر و زەحمەتکێش لە هەمو شار و گوندەکانی کوردستانەوە بە کۆمەڵە پەیوەست بوون و لە بەشە جۆراوجۆرەکانی ڕێکخراوی کۆمەڵەدا هەڵسوڕانی سیاسیان دەست پێ کرد. بەڵام لە یەکەم هەنگاوەکانی شەڕی چەکداریدا هێشتا هەر وەک پشتیوان و یارمەتیدەری

هێزی پێشمەرگە دەبیندران. چەکدار بوون و پێشمەرگە بوونی ژنان لە کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر دیاردەیەکی نامۆ بو. لە هەل و مەرجێکدا کە لە ئێران زۆرترین زەخت خرابوە سەر ژنان، کە ژنان دەبو بە حوکمی قانونی حیجابی ئیجباری سەر و ڕویان داپۆشن و لە هەمو مافێک بێ بەش کرابون و لە حاڵێکدا کە بۆ گەلی کورد هیچ ڕێگایەک غەیری موقاوەمەتی چەکدارانە نەمابوەوە، کۆمەڵە بڕیاریدا کە ژنان بێنە نێو ڕیزی پێشمەرگەوە، چەکدار بن و وێڕای پیاوان لە خەباتی چەکداریدا بەشداری بکەن. لە ماوەیەکی کورتدا سەدان ژنی تێکۆشەر چەکیان هەڵگرت. ئیتر دەستە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە هەر بریتی نەبون لە پیاوان. وردە وردە نەک هەر لە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵەدا بەڵکو لە لای هەمو خەڵکی کوردستان، پێشمەرگەی ژن بو بە سیمای تێکۆشەرێکی دڵسۆز و فیداکار کە لە گەڕەکی شارەکان و مزگەوتی دێهاتەکانەوە تا کارگە و مەزراکان تێکەڵاوی کۆڕوکۆمەڵی خەڵک ببو، قسەی بۆ دەکردن، ڕێنوێنی دەکردن و هانی دەدان بۆ خەبات و ڕاپەڕین. سەرەڕای هەبونی کولتوری پیاومەزنی و نوێ بوونی دیاردەی ژنە پێشمەرگە و سەرەڕای هەمو کەند و کۆسپ و دژواریەکی ژیانی پێشمەرگانە، چەندین ژن چونە ئاستی فەرماندەری نیزامی دەستە و پەل و بە ڕێژەیەکی زۆرتریش وەک بەرپرسی سیاسی و ڕێکخراوەیی چالاکیان نیشاندا. دەیان ژنی تێکۆشەر لەو خەباتە پڕ لە سەربەرزیەدا گیانیان لە دەستدا.

ئەو نەسلە لە ژنان کە لە ساڵانی سەختی پێشمەرگایەتیدا لە ڕیزەکانی کۆمەڵەدا خەباتیان کرد، ئەوکەسانە بوون کە لاپەڕەیەکی تازەیان لە ڕەوتی ڕزگاری ژنانی کوردستاندا کردەوە. خزمەتی گەورەی ئەوان هەر ئەوە نەبو کە وەک پێشمەرگەیەک تێکۆشانیان کرد، بەڵکو ئەوان بە ژنانی ژێر دەستەی کوردستان و بە کۆمەڵگای پیاو مەزنیان نیشاندا کە ژن زەعیفە نیە، کە دەتوانێ لە هەمو بوارەکانی ژیان و خەباتدا شان بە شانی پیاوان پچێتە پێشێ. ئەوان ئەو کەسانە بوون کە بیرۆکەی نەگۆڕبوونی چارەنوسی کۆیلەتی ژنانیان خستە ژێر پرسیارەوە و ئاسۆیەکی ڕۆۆنتریان دەستنیشان کرد. ئەوە دەسکەوتێکی ژنانی کوردستانە کە لە مێژوی ئەو خەڵکەدا دەمێنێتەوە.

ئەمڕۆ پاش نزیکەی سێ دەیە لە خەباتی جەماوەری، کۆمەڵگای ئێران و کوردستان ئاڵ و گۆڕی زۆری بەسەرداهاتوە، ژنان بە ڕادەیەکی زۆرتر لە ڕابۆردو چونەتە نیو بازاری کارەوە، ڕێژەی کچان لە خوێندنگە و زانکۆکان لە کوڕان کەمتر نیە. ئەمڕۆ ئاستی ووشیاری ژنان لە کوردستان لە ئاست مافەکانی خۆیان بە پلەیەکی زۆر چۆتە سەرێ و بەو پێیەش ڕۆحی سەربزێوی و وەستانەوە چ لە بەرابەر ڕەسم و یاسای کۆنەپەرەستانەی کۆماری ئیسلامیدا و چ لە بەرابەر زەخت و زۆری پیاو مەزنی نێو کۆمەڵگای

کوردستاندا پەرەی سەندوە. ویستی ڕێکخراو بوون و چالاکی لە ڕێکخراوی سەربەخۆی ژناندا لە نێو بەشێکی بەرچاو لە ژنانی کوردستاندا دەبیندرێ. بە کورتی بڵێین ئەمڕۆ ئێمە شاهیدی بە خۆداچونەوە و وشیاربوونەوەیەکی زۆرتر و بە گشتی ئال و گۆڕێکی بەرچاوتر لە نێو ژنانی کوردستان‌داین.

ڕێکخراوی ژنانی کۆمەڵە، شان بە شانی هەمو ژنانی تێکۆشەری کوردستان تێدەکۆشێ بۆ دروست کردنی لەمپەرێکی بە هێز لە بەرابەر دیاردەی دزێوی توندوتیژی دژ بە ژنان. ئێمە ڕو دەکەینە هەمو ژنانی کوردستان کە چ خۆیان و چ نزیکانیان لەگەڵ کردەوەی نامرۆڤانەی توندوتیژی و بێ حورمەتی بەرەوڕو دەبنەوە و دەڵێین، نابێ ئیتر ڕەزایەت بدەن کە وەک قوربانیەکی بێ دەنگ ئازار بدرێن و کەسایەتیان تێک بشکێندرێ کە خۆ کوشتن و خۆ سوتاندن ڕێگا چارە نیە. ئێمە هەروەها ڕو دەکەینە پیاوانی ئەم وولاتەش و دەڵێین کە دەبێ توندوتیژی دژ بە ژنان کۆتایی پێ بێت. عوقدەی پۆنگ‌خواردوی زوڵم و ستەمی دەسەڵاتداران و ناکامیەکانی ژیانی ڕۆژانەتان بەسەر ژنەکان و کچەکانتاندا هەڵمەڕێژن. ژیانی خۆتان و بنەماڵەکەتان خراپتر مەکەن. مەیەڵن ڕەسم و یاسای ئیسلامی و کۆن ببێتە ڕێنوێنی کردەوەتان و بەری چاوتان بگرێ. با بە تێراشکاوی بڵێین هۆی سەرەکی بەشی زۆری خۆسوتاندن و خۆکوشتنی ژنان و کچان ئەزیەت و ئازاری نێو خێزانە. ئەم دیاردەیە دەبێ کۆتایی پی بێ. لە جیاتی پڕشێنگی عیشق و خۆشەویستی تۆوی نەفرەت لە نێو بنەماڵەکەتان و کۆمەڵگاکەتان بڵاو مەکەنەوە.

ڕێکخراوی ژنانی کۆمەڵە، تێدەکۆشێ بۆ شکڵپێدان، پیک هێنان و پەرەسەندنی ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان. ئێمە پیمان وایە کە دەبێ بە دەیان ڕێکخراوی سەربەخۆ و NGO کە ڕاستەوخۆ دیفاع لە مافەکانی ژنان و منداڵان دەکەن لە شار و لادێکانی کوردستان پێک بێ. دەبێ ژنان هەست بەوە بکەن کە سەرپەنا و جێگایەک هەیە کە لە کاتی پێویستدا پشتگریان لێدەکا. بە داخەوە زۆر جار ئەو ژنانەی کە لە ماڵی مێرد دەکەونە بەر توندوتیژی و ئەزیەت وئازارەوە لە ماڵی بابیشیان پشتیوانیان لێ ناکرێ.

قەتڵی ناموسی و کوشتن بە جورمی ناموس، دیاردەیەکی بێ نیهایەت دڵتەزێنە کە بە بەرچاوی هەمومانەوە لێرەو لەوێ دووپات دەبێتەوە و تا ئێستا سەدان ژن و کچی کردۆتە قوربانی. بە هەمومان دەبێ پێش بەوە کردەوەیە بگرین. دەبێ بزانین کە ناموس پەرەستی و داب و نەریتی کۆنی ئایینی و ئەوەی کە پیاو ژن بە مڵکی خۆی بزانێ بنەمای فیکری و ئایدیۆلۆژیکی ئەم چەشنە لە جینایەتە. هەر بەو هۆیەوە ئێمە دەبێ لەدژی بنەما فیکریەکانیشی بێینە دەنگ. دەبی بە ڕاشکاوی بڵێین کە ژن مڵکی پیاو نیە، کە هەر ئینسانێک خۆی خاوەنی لەش و ڕۆحی خۆیەتی. ئەگەر

چارەکە سەدەیەک پێش لە ئێستا توانیمان پێشمەرگە بوونی ژنان بسەلمێنین، خۆڕاگری پۆلاینمان لە گرتوخانەکان لە خۆمان نیشاندا و ئەگەر توانیمان لە زانکۆکان و خوێندنگاکان ببینە زۆرینە، بێ گومان ئێستاش دەتوانین دەنگێکی بە هێز بین بۆ پێش گرتن بە قەتڵی ناموسی و هەر چەشنە ئەزیەت و ئازارێکی ژنان.

کۆماری ئیسلامی ئێران کە بۆ وولاتانی دەوروبەریش بۆتە نمونە و سەرمەشقی دژایەتی لەگەڵ ژن، هەر ڕۆژەی یاسایەک لە دژایەتی لەگەڵ ژنان و بەرژەوەندی بزوتنەوەی ئەواندا پەسەند دەکا. سەنگەسار وەک پەڵەیەکی ڕەش بە نێوچاوانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیەوە هەر ماوەی جارێک لە گۆشەیەکی ئێران بەڕیوە دەچێ. لە وولاتێک کە لە دادگاکانیدا مرۆڤ بە خرانە خوارێ لە بەرزایی و برینی دەست و پێ مەحکوم دەکرێ، لە وولاتێک کە خوێندکارانی ناڕازی لە گرتوخانەکانی بە بێ دادگایی دەکوژرێن، کە ڕۆژنامە نوسانی سەزای ئیعدامیان دەدرێتێ، وولاتێک کە بۆ نەتەوە ژێردەستەکانی بۆتە زیندانێکی گەورە و بۆ زۆرینەی دانیشتوانی کە کرێکار و زەحمەتکێشن، وەدەست هێنانی بژیوی ڕۆژانە ئاستەمە. لە وولاتێک کە دەوڵەتەکەی بە گرتنە پێشی سیاسەتی ماجەراجۆیانە و شەڕخوازانە هەر ڕۆژەی گێچەڵێک و کێشەییەک دەنێتەوە، هیچ ڕێگایەک غەیری ڕوخاندن و وەلانانی ئەو دەوڵەتە و ئەو دەسەڵاتە نیە. 29 ساڵ دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی نیشانیدا کە هیچ ڕیفۆرم و چاکسازیەک لە دەوڵەتی ئێراندا کاریگەری نیە. ڕوخاندنی ئەم ڕێژیمە دژی ژنە پێشمەرجی سەرەکی ڕزگاری ژنانە.

ڕێکخراوی ژنانی کۆمەڵە وەک بەشێک لە بزوتنەوەی فێمێنیستی ژنان تێدەکۆشێ بۆ لێک نزیک کردنەوە و لێک گرێدانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان. هەر بەو جۆرەی کە پشتیوانی لە بزوتنەوەی ڕزگایخوازانەی نەتەوەیی ئەرکی هەمومانە، هەر وەک چۆن نابێ کرێکاران لە ئیعتێرازات و داواکاریەکانیاندا بە تەنیا بمێننەوە، پشتیوانی لە بزوتنەوەی ژنان و پێش گرتن بەو هەمو نارەواییەی کە دەرحەق بە ژنان دەکرێ ئەرکی هەمو مرۆڤێکی ئازادیخوازە.

**ڕێکخراوی ژنانی کۆمەڵە**

ڕێبەندانی ١٣٨٦ی هەتاوی، بەرابەر لەگەڵ فێوریەی ٢٠٠٨ی زایینی

---

http://jinany.komala.org/
www.komala.org
**E-mail:** jinan@komala.org